# عەلمانیەت ( جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت) لە کوردستاندا.



**مەحمود محەمەد عوسمان**

(باسکردن و شیکردنەوەی هۆی سەرهەڵدانی ئاین بە گشتی و باسکردنی سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامی وەک سەرچاوەیەک بۆ دەسەڵات بەتایبەتی( کە ئێستە لە بەندی 7 دەستووری کوردستان هاتووە)، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، و مەعلومە لابردنی کارێکی ئاسان نییە، بەڵام دەتوانرێ ئەم بەندە لابدرێت).

بەشی یەکەم.

ئەم نووسینە بەشدارییەکە بۆ پشتگیری بانگەوازی جیهانی دژ بە مادەی 7 لە دەستوری کوردستان، کە ئاماژە بۆ شەریعەتی ئیسلامی دەکات وەک سەرچاوەیەک لە پەیڕەوکردنی دەستوردا لە کوردستان، هەروەها ڕۆشنکردنەوەی هەندێ لایەنی عەلمانیەتە لە پەیوەست بە تێڕوانینی بۆ ئاین و پێوەندی لەگەڵ لاینەکانی تری کۆمەڵگە.
ئەم نووسینەم دابەش کردووە بۆ ئەم بەشانە: بەشی یەکەم: پەیوەستە بە مانای عەلمانییەت و ڕوونکردنەوەی هەندێ لایەنی عەلمانیەت. بەشی دووەم:( ئایا جیابوونەوەی ئاین دژایەتی ئیسلامە یان پاراستنی ئازادی باوەڕ و ئاینەکان و تاکە؟. بەشی سێیەم: ( جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت و سستەمی پەروەردە و فێرکردن). بەشی چوارەم: مارکسیزم و جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت).

عەلمانیەت:
هەتا ئێستە زۆرێک بە عیلمانیەت ئەم وشەیە بەکار دەهێنن، چی لە کاتی قسەکردن یان لە کاتی نووسین، نەک هەر لای کورد، بەڵکو عەرەبیش زۆر بەکاری دەهێنێت. ئەگەر بەکوردییەکەی بنووسرێت ئەوا بۆ کورد هیچ هەڵەیەک نابێت، ( بەڵام لەبەر ئەوەی وشەکە جێکەوتەی خۆی هەیە وەک زۆرێک لە زاراوە و وشەکانی تر، بۆیە کوردیش بە عەرەبییەکەی بەکاردەهێنێت).
ئەم وشەیە لە (عالەمەوە، جیهان) هاتووە نەک لە ( عیلمەوە، زانست) هاتبێت. بەداخەوە هەتا ئێستە من بۆخۆم و ڕەنگە زۆریش وەک من وابێت، نەزانین کێ یەکەم جار لە زمانی کوردیدا بەکاری هێنا، چی لە نووسین بێت یان لە وەرگێڕان بێت، مافی ئێمە و مافی خۆشیەتی ناوی بهێنین. بەڵام لە زمانی عەرەبیدا باسکراوە کێ یەکەم جار بەکاری هێنا. عەفیف ئەلئەخزەر لە وتارێکیدا بە ناوی( چارەنووسی عەلمانیەت لە نیشتمانی عەرەبیدا)1 دەڵێت: یەکەم کەس کە وشەی Laictie گۆڕی بۆ عەلمانیەت، یەکێک بوو لە وەرگێرەکانی هەڵمەتی فەڕەنسا، لە فەرهەنگی فەڕەنسی– عەرەبی، یەکەم جار لە مارسی ساڵی 1828 چاپکرا، پاشان کۆڕی زمانی عەرەبی ئەم زاراوەی ئامادەکرد لە ( المعجم الوسیط) لە ساڵی 1960.

عەلمانیەت چەمکێکی نوێیە و پەیڕەوکردنی( کە ئاواتمانە و ڕێگەیەکە بۆ گەشتن بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی) وەک هەموو چەمکەکانی تر باگراوندێکی ئەوروپی هەیە و بە خەتەر دادەنرێ بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە ئاین سەرچاوەی دەستوورە یان وەک سەرچاوەیەک دانراوە وەک دەستووری کوردستان .

ماناکەی وەک زۆربەی فەرهەنگەکان باسی دەکەن، چەمکێکی سیاسیە باس لە جیابوونەوە ئاین لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت دەکات و باس لە ڕێکخستنی دامودەزگای دەوڵەت دەکات لەسەر بنەمای نە دەسەڵات ئاین و پیاوانی ئاینی بەکار بهێنێت بۆ بەڕێوەبردنی دەزگاکانی دەوڵەت و بۆ ئامانجێکی سیاسی، و نە ئاینیش سەرچاوەی بەشداریکردن بێت لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و ماوە نەدان بە پیاوانی ئاینی بەشداربن لە هەر پرۆسەیەکی بەڕێوەبردنی دەوڵەت. دەوڵەت بۆ هەموو و ئاینیش وەک تایبەتمەندییەکی تاکە کەس.
جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت ناکرێت تەنها وەک ئایدلوجی و بیروباوەڕ سەیربکرێت، یان ئارەزووی کۆمەڵێ خەڵک بێت. بەڵکو کێشمەکێشە لە نێوان دوو چەمکدا لە کۆمەڵگە، چەمکێک بە پەنابردن بۆ بوونی دەسەڵاتێک لەدەرەەی ئیرادەی مرۆڤ بێت بۆ ڕێکخستنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەموو مەسەلە مەعنەوی و مادییەکان لەو چوارچێوەیەی کە جێگای هەوڵدانی مرۆڤی تێدا نەبێت بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵ، بەرامبەر ئەو چەمکەی تر کە لە بوونی مرۆڤ و گۆڕانی کۆمەڵگە و تێکەڵبوونی تواناکانی مرۆڤ لەم سەردەمە سەرچاوە دەگرێت. بە ڕۆشنی لە نێوان دەستووری ڕەها کە بە بوونی خوا و دەستوورەکەی، لەگەڵ دەستووری سەرزەمین کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵەگە هاتووەتە کاییەوە.
عەلمانیەت چەمکێک نییە کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی جێبەجێ بکات یان یەکسانی ژن و پیاو بەتەواوەتی بچەسپێنێت، بەڵام هەنگاوێکە بۆ ئامادەبوونی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە خۆشگوزەرانی مرۆڤەوە. زۆرێک لەو وڵاتانەی کە بە عەلمانیەت ناسراون نە دادەپەروەری کۆمەڵایەتی تێدایە بە مەفهومە فراونەکەی و نە یەکسانی ژن و پیاویش لە هەموو بووارەکاندا پەیڕەودەکرێت،( تورکیا نموونەیەکەی زیندووە و ئاینی لە دەوڵەت جیاکردووەتەوە بەڵام ئاشکرایە چی دەسەڵاتێک بەڕێوە دەچێت و چۆن بەرامبەر ئازادی بیر و باوەڕ هەڵسوکەوت دەکات، بەتایبەتی بەکارهێنانی توندوتیژی و عەسکەرتاچێتی بەرامبەر کورد). و هیچ وڵاتێکیش نییە ناوی دەوڵەتی عەلمانیەت بێت، بەڵام لەدەستورەکەیاندا دەنوسرێت کە وڵاتێکی عەلمانیە و زۆر گرنگە بنووسرێت. دەیان ناو هەیە بۆ وڵاتەکان لە کۆماری و یەکگرتووی وڵاتەکان و دیمۆکراسی و میلی و هەتا دوای... بەڵام ناوترێ دەوڵەتی عەلمانی. بۆیە هەر لە ڕێگەی دامودەزگا و دەستوور و ڕێکخستنی کۆمەڵگە هەست بە عەلمانیەت دەکەیت.
زۆرێک لەودەوڵەتانەی کە بە عەلمانیەت ناسراون و ئاینیان لە دەوڵەت جیاکردووەتەوە، بەڵام لە بوارەکانی تردا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە دەیان خوێندنگە و دام و دەزگای میدیای و دەزگای کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە و کاری خۆیان دەکەن و بە بێ ئەوەی دەوڵەت کۆتای پێیانهێنابێت. بەڵام وەک دەستوور و ڕێکخستنی کۆمەڵگە هیچ کات هەست بە بوونی ئاین ناکەیت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت بە ئاسانی نەهاتووە و وڵاتی وا بووە زیاد لە سەدەیەک لە هەوڵدان پاشان توانیویانە کە بگەنە ئەم پلەیە وێڕای ئەوەی بە ڕەسمی ئاینیان لە دەوڵەت جیاکردووەتەوە.
فەڕەنسا و زۆرێک لە وڵاتەکان بە ئاسانی ئاینیان لە دەوڵەت جیا نەکردەوە و بە سازیش بەدەستیان نەهێنا لەگەڵ کەنیسەدا، بگرە ئەنجامی خەبات و قوربانی هەموو خەڵکی ئازادی خواز بوو تا گەشتنە ئەو ئەنجامەی دەبێت ئاین لە دەوڵەت جیابکرێتەوە.
عەلمانیەت ڕێگەخۆشکەرە بۆ دروستکردنی ئەرزییەتێکی گونجاو بۆ ڕەخنە و بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ژیان و بۆ دۆزینەوەی تاک وەک مرۆڤێک و بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو چوارچێوەیەکی ئاینی بۆڕێکخستنی کۆمەڵگە.

جیابوونەوەی ئاین لە دەوڵەت، دابڕان نییە لە خواپەرستی و باوەڕ و سڕینەوەی بوونە ئاینەکان بێت، یان دابڕان بێت لە ئارەزووە ڕۆحییەکانی تاک کە لە ترادسیۆنە ئاینییەکاندا ئارەزووەکانی تێر دەکات. بەڵام دابڕانە لە هەموو پاشماوەی میسۆلۆجییەکان و دابڕانە لە دەسەڵاتی ئاینی و ئەو چوارچێوەیە کە دانراوا بۆ پەیڕەوکردنی کۆمەڵی یاسا لە ڕێگەی دەسەڵات و دامودەزگاکانییەوە، ماوەنەدانە بە پیاوانی ئاین کە دەسەڵات بەکار دەهێنن بۆ چەسپاندنی ئاینێک بەسەر ئاینێکی تردا یان بەسەر کەسانی کە بێئاین یان بێخودان.

جیابوونەوی ئاین لە دەوڵەت، کار لەسەر دوو بەشی ئازادی دەکات،2

یەکەم: ئازادی ئاین: دووەم: و ئازادی تاک:.

ئازادی ئاین:، هەموو ئاینێک ئازاد دەبێت لە بەکارهێنانی هێما ئاینییەکانیان و دوور لە زاڵبوونی ئاینێک بەسەر ئەوی تردا، تەنانەت ئەگەر ڕێژەشی زۆر بێت، و دەسەڵاتیش هیچ جیاوازێک نابێت بکات لە تەعامولی لەگەڵ هەموو ئاینەکان و ئەفزەلیەت بەهیچ ئاینێک نادات و هیچ ئاینێکی نابێت ڕەسمی بێت ئەگەر هەموو کۆمەڵگە یەک ئاینیش بن. و دەوڵەتیش بە هەموو هێزێکی بەکاردەهێنێت بۆ پاراستنی ئەم ئازادییە و ماوە نەدان بەو کێشمەکێشە کە لە ئەنجامی دەق و مێژوو و شیکردنەوەوە هاتووە و دەبێتە هۆی توندوتیژ، دەوڵەت بە جیاکردنەوەی ئاین لە دامودەزگاکانی بنبڕی ئەو کێشمەکێشە دەکات.

ئازادی تاک:. هەموو کەسێ ئازادە ئیمانی هەبێت بە هەر ئاینێک یان هەر ئیمانی نەبێت. ئەلێرە دەسەڵات کارەکەی گرانتر دەبێت. چونکە تاک بە بێ دەسەڵات و هێزی یاسا، توانای مانەوەی نامێنێت بەرامبەر دام و دەزگاکان و پیاوانی ئاینی و بەتایبەتی هێزی مزگەوت لە وروژاندنی ئحساساتی خەڵک دژ بە تاکێکی ناو کۆمەڵگە (نووسەر، هونەرمەند، سیاسەتمەدار، ، ئازادی خواز ، ژنێکی یەکسانی خواز، یان کەسێک ڕەخنە لە ئاین بگرێت)، ئەگەر هیچ نەبێت ئەوا لە ژیانی ڕۆژانەدا توشی دەیان کێشە دەبێت، سوود و هێزی عەلمانیەت ئەلێرە بە ڕۆشنی دەردەکەون، ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ هاتنە مەیدانی رەخنە و خوێندنەوەی مێژوو و شارستانییەت و ڕەخنەیش لە موقەدەس و دەقیش. و ئەرزییەتیش خۆش دەکات بۆ تەساموح و دوور لە دەمارگیری، رەخنە گرتن لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردی چی سیاسی، مێژوو، شارستانییەت، رۆشنبیری، ئاین، کۆمەڵایەتی، لە سایەی عەلامنیەتەوە دەبێتە حاڵەتێکی تەندرووست و کارێکە دسەڵاتیش بۆی نییە ڕێگە بگرێت لەم ڕەخنانە، و بە بێ ئەم ڕەخنانە کوردستان دوادەکەوێت لە کاروانی پێشکەوتن و درەنگ دەستکەوتەکان و لێکۆڵینەوەکانی پێدەگات.

جیابوونەوەی ئاین لەدەوڵەت، ڕەنگە لە ئازادکردنی شارێک گرانتر بێت، چونکە تەعامول لەگەڵ ئەو هەموو پێشینانە و ئەو مێژووە کە تێکەڵبووە بە زۆر مەسەلەی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی ئاڵۆزە. چونکە ڕووبەڕووبوونەوەیە بەرامبەر چەندین شێوەی دەسەڵات، لە دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی بە سیاسیان و مەلاکانیانەوە و هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکێک کە ئاینیان وەک ئیمان و پەرستن وەرگرتووە،( بەلام ئەمانە دەگۆڕێن بە گوێرەی دەسەڵات و ئامادەن دووربکەونەوە لە ئاین وەک دەستوور، چونکە هەر لە بنەڕەتدا زانینیان نییە لەسەر دەسەڵاتی ئیسلامی و پاشان تەنها لە چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایتی پەیوەستن یان بەرگری دەکەن کە پێوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیریەوە هەیە).

m_o_osman@hotmail.com